# بانگەواز بۆ داکۆکیکردن لە زنجیرە درامای ئاریا
# کوردسات و بەرپرسەکان و مەلاکان زنجیرە درامای ئاریا رادەگرن

دوابەدوای پەخشکردنی رۆمانی تەلەفزیۆنی "ئاریا" لەشاشەی کەناڵی تەلەڤزیۆنی کوردساتەوە، بەرپرسە سیاسییەکان و مەلا ئایینیەکان بەشێوەیەکی بەربلاو و ناشارستانی گوشاریان دروستکردو ناڕەزایەتییان دەربڕی، چونکە بەبۆچوونی ئەوان ئەم درامایە کاری کردوە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەی سکانداڵ و نهێنییەکانیان.

لەڕۆژی 2007/6/22 لە بیست و پێنج 25 مزگەوتی شاری سلێمانی ودەوروبەرییەوە لەوتاری رۆژی هەینیدا لەلایەن مەلاکانەوە بەشێوەیەکی هەڕەشە ئامێز هێرشکرایە سەر زەنجیرە دراماکە و دەرهێنەرەکەی "هادی مەهدی".

پاش ئەم هێرشانەو ناڕەزایەتی نامەدەنییانەی مەلا ئایینیەکان و حزبە ئیسلامییەکان و بەرپرسانی سیاسی، کوردسات دەستی مەقەستی خستە ناو دراماکەوەو هەموو ئەو گرتانەی لێ لابرد کە مەلایان تێدابوو، دراماکەیان بەشێوەیەك مۆنتاژ کردەوە کە بەخواستی دەرهێنەر نییە. بەم هۆیەوە ئەمڕۆ 2007/6/23 دەرهێنەری دراماکە داوای کرد دراماکەی رابگرن.

هادی مەهدی دەرهێنەری بەرەگەز عەرەبی دراماکە باسی لەوە کرد کە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوەو لەمزگەوتەکانەوە بەئاشکرا فەتوایان لەدژ دەرکردوە، باسیشی لەوە کرد دراماکە لەسەرەتادا بیست و هەشت ئەڵقە بوە، بەڵام کوردسات رازی نەبوون هەموو ئەو ئەڵقانە بلاو بکەنەوە. بۆیە دوای چوار مانگ گفتوگۆی تێروتەسەل دراماکە کورت کرایەوە بۆ بیست و دوو ئەڵقە، بەڵام دواتریش دیسان کوردسات بەبێ رەزامەندی دەرهێنەر دەستی تێوەردا و بەخواستی خۆی مۆنتاژی کردەوە بۆ دل راگرتنی مەلاکان و بەرپرسەکان،

لەلایەکی ترەوە مەلاکان هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکەن و یەکێتی زانایانی ئایینی هەڕەشەیان لەهونەرمەند "حیکمەت هیندی" کردوە کە بەدادگا دەگەیەنرێ و تۆڵەی ئەو ناهەقییەی لێدەکرێتەوە کە دژ بەمەلا کردویەتی.

بەشێوەیەکی گشتی دوای ئەو گێرمە و کێشەیە پرسەکە بەوە کۆتایی پێهات درامای ئاریا راگیرا و پەنجەرەیەکی تری گوتن و گوزارشت داخرا.

ئێمە وەك نووسەران و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کوردستان دژی ئەم هەوڵە هاوبەشەی کوردسات و مەلاکان دەوەستینەوە و بەتوندی مەحکوومی دەکەین و بەهەموو شێوەیەك بەرگری لەبەردەوام پیشاندانی دراماکە دەکەین وەك حەقێکی سەرەتایی بینەر و هەوڵ و ماندووبوونی دەرهێنەرو ستاف دراماکە.

داواش لەنووسەران و هونەرمەندان و خەڵکی کوردستان دەکەین لەمڕووەوە دەنگ هەڵبڕن و بێدەنگ نەبن لەداخستنی دەرگاکانی ئازادی وتن لەکوردستان و هەڵوێست وەرگرن.

هەر لێرەوە داوا دەکەین لەنووسەران و قەڵەم بەدەستان لەرێی قەڵەمەکانیانەوە داکۆکی لەئازادی رادەربڕین و پیشاندانی ئەم درامایە بکەن.

**ئیمزا:**

1ـ ستیڤان شەمزینانی ـ سەرنووسەری رۆژنامەی نێوەند
2 ـ ئاسۆ عوسمان ـ بەرێوەبەری نوسینی رۆژنامەی نێوەند
3 ـ ئەسعەد عەلی- سەرنووسەری رۆژنامەی بۆچوون
4 ـ نزار محەممەد ـ سەرنووسەری رۆژنامەی هاوبیر
5 ـ عومەر فارس ـ بەرێوەبەری سایتی کوردستان نێت

6 ـ ئاريان محەممەد ـ سەرنووسەری رۆژنامەی ئاڵای ئازادی
7 ـ سەلاحەدين بايەزيدی ـ رۆژنامەنووس
8 ـ سەميرە محەممەد ـ سەرنووسەری رۆژنامەی راسان
9 ـ نەبەز گۆران ـ نووسەر و رۆژنامەنووس
10 ـ بابۆ خاوێی ـ رۆژنامەنووس
11-دلاوەری رەحيمی - رۆژنامەنووس

بۆ پشتگیریی کردن لەم بانگەوازە و داکۆکیکردن لەدرامای ئاریا پەیوەندیی بکەن بەم ئیمەیلانەوە:

Shamzini79@hotmail.com
Shamzini79@yahoo.com